



گۆڵەکانی سێرجیۆ رامۆس هەمیشە بۆ یانەکەی یەکلاییکەرەوە بوونە..

# بای 100 ملیۆن یۆرۆ گۆڵی بۆ ریال کردووە

رووداوی وەرزشی - CNBC

تۆڕی کالچیۆ میرکاتۆی ئیتاڵی، باس لەوە دەکات کە سێرجیۆ رامۆسی بەرگریکاری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، لە رێگەی ئەو گۆڵانەی بۆ یانەکەی تۆماریکردوون، بڕی 100 ملیۆن یۆرۆی بەخشیووەتە یانەی شاهانە.

تۆڕەکە ئاماژە بەوە دەکات، ئەو بڕە پارەیە لە رێگەی ئەو گۆڵە یەکلاییکەرەوانە بەدەستهاتووە، کە رامۆس لە یاری وەرزەکانی رابردوودا بۆ ریال مەدرید تۆماری کردوون.

سێرجیۆ رامۆس، بە یەکێک لە باشترین بەرگریکارەکانی نەوەی خۆی دادەنرێت، کە بە گۆڵە کوشندەکانی لە هەر وەرزێکدا زیاتر لە 10 ملیۆن یۆرۆی بە یانەکەی بەخشیوە، کە رۆڵیان هەیە لە بەدەستهێنانی نازناوەکانی ریال مەدرید و بڕینی قۆناخەکانی دەرکردن، لە پاڵەوانیەتییە جۆراوجۆرەکاندا، لەوەتەی لە ساڵی 2005ەوە لە یانەی سیڤیلیاوە رووی لە یانەی شاهانە کردووە.

لەم وەرزەدا رامۆس 1512 خولەک لەگەڵ ریال مەدرید یاریکردووە، تیپەکەی لەگەڵ رامۆس لە هەر 68 خولەک گۆڵێکی لێبووە، ئەگەر ئەویش یاری نەکردبێت لە هەر 185 خولەک گۆڵێکی لێبووە، لە کۆی ئەو 728 خولەکەی یاری نەکردووە، کەچی لەم وەرزەدا خاوەن رێژەیەکی گۆڵکردنی زیاترە لە کەریم بنزیمەی هێرشبەری تیپەکە.


WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (444) سێشەممە 2017/4/11 22ی نەورۆز - 2717 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات



KOREK


ميران دەچێتە یانەیەکی بەناوبانگی ئەڵمانیا




2


مێسی باشترین یاریزانی 5 گەورە خولی ئەوروپایە






5


مۆرینیۆ رقی لە پیاوی ماستاوچییە




3


لە نێوماڵی پیرەژن یاخیبوونێک بە دروشمی (یان ئێمە یان ئەو) سەری هەڵداوە..



# کودەتا

"دیبالا سەرۆکایەتی کودەتاکە دەکات و بۆنۆچی و مارکیزیۆش یارمەتیدەرینە"


3


بێن هایوارد، رۆژنامەنووسی مەدریدی بۆ (رووداوی وەرزشی):

# ریال مەدرید بە قاچاخ دەپەڕێتەوە



6

رووداو وەرزشی
ژمارە (444)
سێشەممە 2017/4/11



## دەچێتە بەغداد

ڕێباز عەبدوڵڵای گۆڵپارێزی یانەی هەولێر لە هەردوو خولی کوردستان و عێراق، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە بڕیاری ڕۆیشتنی بۆ ریزی یانەیەکی بەغدادی داوەو لەو بارەوە گوتی «یانەی تەڵەبە هەر لە سەرەتای خولی ئەمساڵەوە داوای گرێبەستی لێکردم، بەڵام یانەی هەولێر نەیهێشت بڕۆم، ئێستاش کە چەند یانەیەکی عێراقی داوای گرێبەستیان لێکردووم، بڕیارمداوە بچمە یانەی تەڵەبەی شاری بەغداد، یانەی نەفتی وەسەتیش داوای لێکردم، بەڵام دکتۆر عەبدوڵڵای سەرۆکی یانەی هەولێر پێیباشبوو بچمە تەڵەبە».



دەڵێت ئەو یانەیە زۆر لە ئاستی من رازییە..

# میران دەچێتە یانەیەکی بەناوبانگی ئەڵمانیا

«3 یانەی ئەڵمانیا داوایان لێکردووم یاریان بۆ بکەم»

**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

میران کەریم، یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر، تایبەت بە (رووداوی وەرزشیی) راگەیاند نزیکە لەوەی بچێتە ریزەکانی یانەیەکی ناسراوی ئەڵمانیا و گوتی «ئێستا سەرقاڵی ئەوەم لەگەڵ یەکێک لە یانە بەهێزەکانی ئەڵمانیا ڕێککەوتن بکەم، بەڵام تاوەکو ئێستا کارم لەگەڵیان تەواو نەبووە».

میران کەریم، وەک ئەوەی خۆی تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند، ئێستا خەریکی ڕێککەوتنە لەگەڵ یانەیەکی ناسراوی ئەڵمانیا بۆ ئەوەی یاری بۆ بکات و گوتی «دوو تا سێ یانەی ئەڵمانیا داوایان لێکردووم یارییان بۆ بکەم، بەڵام جارێ هەندێ کارم ماوە، ئینجا قسەیان لەگەڵ دەکەم». ئەو یاریزانە کوردە هەروەها گوتیشی «یانەیەکی پلە سێ هەیە بە ناوی دۆسیلدۆرف هەر لەو شارەیە کە من لێینیشتەجێم، هەروەها یانەی فۆرتونا دۆسیلدۆرفیش قسەم کردووە، ئەوان پلە دووی ئەڵمانیان، یانەیەکی گەورە و بەناوبانگە، قسەم لەگەڵیان کردووەو ئەوان زۆر لە ئاستی من رازین و دەیانەوێ یارییان بۆ بکەم، بەڵام لە ئەوروپا ئەم کارانەی من و پەیوەندیکردنم بە ئەوان دەبێت لە ڕێگای پارێزەرەوە بێت، ئەوکاتەی کارەکانی ئیقامەم تەواو بوون دەتوانم راستەوخۆ بچمە ریزی یانەکە».

فۆرتۆنا دۆسیلدۆرف، یەکێکە لە یانە هەرە کۆن و بەناوبانگەکانی ئەڵمانیا، تەمەنی 122 ساڵە، کە لە ساڵی 1895 دامەزراوە، جارێک نازناوی بۆندسلیگا و 2 جاریش جامی ئەڵمانیای بردووەتەوە، بەڵام ئێستا لە خولی یانە پلە دووەکانی ئەڵمانیا یاری دەکات و بە کۆکردنەوەی 34 خاڵ پلەی دەیەمی ریزبەندی خولەکەی گرتووەو هیوای ئەوەی نەماوە بۆ وەرزی داهاتوو بگاتە بۆندسلیگا.

میران، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە جارێ لەگەڵ یانەکە هەر ئەوەندە قسەیان کردووە «بۆیە هەر کارتێک تەواو بووم، بۆ منیش کارێکی باش دەبێت لە ئەڵمانیا درێژە بە کاروانی وەرزشیی خۆم بدەم، کە وڵاتێکە لە رووی تۆپی پێوە زۆر پێشکەوتووە، شانازییە بۆ من بچمە ریزەکانی یانەیەکی وا بەناوبانگ، دەمەوێت وەک کوڕە کوردێکی شاری هەولێر لە یانەیەکی وا گەورە یاری بکەم و ئاستی راستەقینەی خۆم پێشکەش بکەم، ناوی خۆم و کوردستانیش بەرز بکەمەوە».

میران کەریم، لە سەرەتای ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لەگەڵ یانەی پێشمەرگە بەشداری لە خولەکەدا کرد و توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، بەڵام بەهۆی تەواو نەبوونی کاری ئیقامەکەی و پەیوەندی هاوژینەکەی گەڕایەوە وڵاتی ئەڵمانیا بۆ ئەوەی کاری مانەوەی لەم وڵاتە تەواو بکات و جارێکی دیکە بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان، بەڵام نەیتوانی بگەڕێتەوەو لە یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولی کوردستانیش بێبەشبوو. ئەو لەو بارەوە گوتی «لە راستیدا زۆر هەوڵمدا بگەڕێمەوە هەولێر بۆ ئەوەی درێژە بە یارییەکانم بدەم لەگەڵ یانەی پێشمەرگە، بەڵام بەداخەوە کە کارەکانی ئیقامەم تەواو نەبوون، بۆیە نەمتوانی بگەڕێمەوە».

«شانازییە بۆ من وەک یاریزانێکی کورد لە یانەیەکی وا بەناوبانگ یاری بکەم»

بوووە پاڵەوانی یەکەم ماراتۆنی تارانی نێودەوڵەتی..

# کوردێک پاڵەوانی گۆڕەپان و مەیدانی ئێرانە



«محەممەد مورادی لە ئۆڵیمپیادی ریۆی 2016 یەکێک بوو لە یاریزانە سەرەکییەکانی هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی ئێران»

**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی - سلێمانی**

لە تارانی پایتەختی ئێران، یەکەم ماراتۆنی نێودەڵەتی بەڕێوەچوو، وەرزشوانێکی کوردیش بووە پاڵەوانی ئەو ماراتۆنە، کە بە قسەی یاریزانێکی هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی ئێران «ئەو یاریزانە کوردە ئێستا یەکێکە لە وەرزشوانە ناسراوەکانی سەر ئاستی ئێران و ئاسیا».

ماراتۆنەکە لە مەیدانی ئازادی لە نێوەراستی تاران بۆ ماوەکانی 42 کیلۆمەتر، 21 کیلۆمەتر و 5 کیلۆمەتر لەسەر ئاستی پیاوان و ئافرەتان بەڕێوەچوو، وەرزشوانانی 50 وڵاتیش لەسەرانسەری جیهان بەشداریان تێدا کرد.

پاش رکابەرییەکی بەهێز لەسەر ئاستی پیاوان، محەممەد جەعفەر مورادیی یاریزانی هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی ئێران پلەی یەکەمی بەدەسهێنا، کە بە رەگەز کوردەو دانیشتووی پارێزگای کرماشانە.

هاوکات ماراتۆنەکە بەشداربوونی ئافرەتانیشی لەخۆگرت، بەڵام جل و بەرگێکیان پۆشی بوو کە بەهیچ شێوەیەک کاردانەوەی لەسەر جەستەیان نەبوو و تەواوی لەشیان داپۆشرابوو، ئەمەش بەهۆی سیستمی ئیسلامی کە لەو وڵاتە پەیڕەو دەکرێت و ئافرەت بۆی نییە تەنانەت لە خول و پێشبڕکێ وەرزشییەکانیشدا بەبێ باڵاپۆشی بەشداری بکات.

ئارمان سدیق، یاریزانی هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی ئێران، کە یاریزانێکی پیشەگەرە لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداوی وەرزشی) پەسنی محەممەد جەعفەر مورادی داو بە یەکێک لە وەرزشوانە ناسراو و بەناوبانگەکانی سەر ئاستی ئێران و ئاسیا وەسفیکرد و گوتی «محەممەد جەعفەر مورادی ئێستا یەکێکە لە یاریزانە ناسراوەکانی ئێران، تەنانەت لە کیشوەری ئاسیاش، ئەو بەهێزترین یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانە». ئارمان هەروەها لەبارەی محەممەد جەعفەر مورادییەوە گوتیشی «ئەو وەرزشوانە کوردە رۆژ بە رۆژ ئاستی لە بەرزبوونەوەدایە، ئەو لە ئۆڵیمپیادی ریۆی 2016 یەکێک بوو لە یاریزانە سەرەکییەکانی هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی ئێران».

محەممەد جەعفەر مورادی، پاش ماراتۆنەکەی تاران بڕیارە لە هاوینی ئەمساڵ بەشداری لە پاڵەوانیەتی ئاسیا بکات، کە لە وڵاتی هندستان بەڕێوەدەچێت. ئێرانییەکان هیوایەکی زۆریان بەتواناکانی ئەو هەیەو پێشبینی دەکرێت ئاڵتونی یەکەمی ئێران لەو پاڵەوانیەتییە لە ڕێگەی ئەم یاریزانە کوردەوە بێت.

بەهرەیەکی میللی

میران مەریوان..

# گۆڵپارێزێکی کورد لە سویسرا دەبێتە باشترین



**عومەر قاسم**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

گەنجانی کورد لە هەر شوێنێک بن بەهرەیەکی باشی یاری تۆپی پێیان هەیە، کە زۆرجار هەندێک لەو بەهرانە لە هەندەرانەوە چەکەرە دەکەن و هیوای دوارۆژێکی باش دەبەخشنەوە. میران مەریوان جەوهەری گۆڵپارێز نموونەیەکی ئەو گەنجە کوردانەیەو ئێستا لە سویسرا سەرنجەکانی بەلای خۆیدا راکێشاوە.

میران مەریوان، تەمەن 18 ساڵ، گەنجێکی کوردی دانیشتووی سویسرایە، بەرەگەز خەڵکی شاری سلێمانی باشووری کوردستانە، ئەو گۆڵپارێزێکی زۆر بەتوانایە، بەمدواییە لە خولێکی تۆپی پێدا، کە لە سویسرا بە ناوی TOURNROIS LES RAFEUGIE بۆ پەنابەران کرایەوە، میران توانی بە پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز بۆ تیپەکەی هەموو سەرنجەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت و بە شایستەیی خەڵاتی باشترین گۆڵپارێزی خولەکەی بەدەستهێنا.

لەو خولەدا کە 26 تیپ بەشداریان تێدا کردبوو، میران بەشداری لە 12 یاری تیپەکەیدا کرد و تەنیا 2 گۆڵی لێکرا. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لەو خولەدا میران تاکە یاریزانی کورد بوو بەشداری تێدا بکات.

میران مەریوان، لە ساڵی 1999 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، سەرەتای یاریکردنی لەگەڵ تیپی شەهید ئارام لە شاری سلێمانی بووە، ئەو ماوەی 4 ساڵە لە سویسرایەو ئێستا بە هاوکاری راهێنەری کورد، بەشدار علی، کە بە «هەلکۆ» ناسراوە، گرێبەستێکی لەگەڵ یانەیەکی سویسری بەناوی FC RECONILIER کردووە.

خەونەکانی میران زۆر گەورەن و وەک خۆی دەڵێت «هیواو ئاواتم ئەوەیە رۆژێک لە رۆژان بتوانم وەک یاریزانێکی کورد بۆ یەکێک لە یانە گەورەکانی ئەوروپا یاری بکەم و بەرگری لە تۆڕی گۆڵەکەی بکەم».



KOREK Telecom
ئۆفەرێك بۆ بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کورەك
ڕۆژانە ئینتەرنێتی بێسنوور بەخۆڕایی وەربگرن
ئێستا سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێتی Extra G دەتوانن هەموو ڕۆژێك بەشێوەی ئۆتۆماتیکی ئینتەرنێتی خۆڕایی وەربگرن لە کاتژمێر 1ی شەو تاکو 7ی بەیانی.
ئەم ئۆفەرە بۆ سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێت بەردەستە بەبێ هیچ خەرجییەکی زیادە.
بۆ بەشداریکردن لە پاکێجە جۆراوجۆرەکانی ئینتەرنێت کە ئەم ئۆفەرە دەیگرێتەوە، پەیوەندی بکەن بە: #250* یان #360* یان #257*
korektel.com
411



ئیدین هازاردی ئەستێرەی یانەی چێڵسی ئینگلیزی لەم وەرزەدا ئاستێکی سەرسوڕهێنەر پێشکەش دەکات، بەبەڵگەی ئەوەی ریکۆردێکی تۆمارکردووە کە هیچ یاریزانێکی دیکە لە 5 گەورە خولی ئەورووپادا تۆماری نەکردووە. هازارد لەم وەرزەدا زۆرترین جار خەڵاتی باشترین یاریزانی یاری بردووەتەوە، کە هیچ یاریزانێکی دیکە لە هەر 5 خولی ئیسپانی، ئینگلیزی، ئیتاڵی، ئەڵمانی و فەرەنسیدا نەیتوانیوە ئەو کارە بکات. هازاردی خاوەن درێسی ژمارە 10 لە 32 یاری پریمەرلیگدا 10 خەڵاتی باشترین یاریزانی یاری بردووەتەوە.

10 ـــ 10

## کودەتاکە بە دروشمی (یان ئێمە یان ئەو) بەڕێوەدەچێت..

# کودەتایەک لە ماڵی پیرەژن



### «یاخیبوونەکە بە سەرۆکایەتی دیبالا و بە هاوکاری پانۆچی و مارکیزیۆ بەڕێوەدەچێت»

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانییەکانی ئیتاڵیا، باس لە بارودۆخێکی خراپ دەکەن، کە ماوەیەکە نێوماڵی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی پێدا تێپەڕ دەبێت. بە قسەی ئەو ڕاپۆرتانە «لەلایەن 3 ئەستێرەی یانەی پیرەژنەوە بە سەرۆکایەتی پاولۆ دیبالای ئەرجەنتینی کودەتایەک لەنێو ماڵی یوڤانتۆس لەدژی ماسیمیلیانۆ ئالێگری ڕاهێنەر دەستپێکردووە».

### هۆکاری کودەتا

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانیانە، 3 ئەستێرەی یوڤانتۆس بەهۆی سووکایەتیکردن بە ئالێگری، لەلایەن ئەو ڕاهێنەرەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان سزادراون، ئەوەش ئەوانی تووڕەکردووە، چیدی بەرگە ناگرن و کار گەیشتووەتە ئەوەی کودەتایەک لەدژی ڕاهێنەرەکەیان دەست پێبکەن.

بەپێی ئەو سەرچاوانە، هەریەک لە لیۆناردۆ بۆنۆچی، کلاودیۆ مارکیزیۆ و پاولۆ دیبالا بە سەرۆکایەتی ئەمەی کۆتایی سەری ئالێگریان دەوێت و نایانەوێ چیدی ئەو ڕاهێنەریان بێت، کە بێگومان ئەمەش بارودۆخی نێوماڵی پیرەژنی شێواندووە.

### تۆڵەیان لێدەکاتەوە

ئەوەی بارودۆخەکەی زیاتر تێکداوە، ئەو مامەڵەیەی ئالێگرییە کە بەپێچەوانەی لێدوانەکانی، لەگەڵ ئەو 3 یاریزانە دەیکات. چونکە لەدوای هەر ڕووداوێک ئالێگری لە لێدوانەکانیدا ڕایدەگەیاند «ڕووداوێکی ئاساییە»، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هەڵسوکەوتی هیچ یەکێک لەو یاریزانانەی لەبیر نەکردووەو هەر یەکێکیان بەشێوازێکی تایبەت سزاداوە.

ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانیانە، دەڵێن «ئالێگری هەرگیز یاری ساسۆلۆی لەبیر نەکردووە، کە تێیدا دیبالا بەبەرچاوی هەموو دونیاوە سووکایەتی پێکردو تەوقەی لەگەڵ نەکرد». وەک ئەو سەرچاوانە باسی دەکەن «دیبالا لەو ڕۆژەوە لە یاریزانێکی سەرەکییەوە بووەتە یاریزانێکی ئاسایی و هەندێجار یاری پێدەکات و هەندێجاریش لەسەر کورسی یەدەگ دەیهێڵێتەوە».

سەبارەت بە پانۆچیش، کە بەرگریکاری ژمارە یەکی ئالێگری بوو، دوای ئەوەی لە یاری پالێرمۆدا جنێوی بە ڕاهێنەر دا، کارتی ئەو یاریزانە لای ئالێگری سووتاوەو سەرەڕای ئەوەی بە یاری پێنەکردنی لە یاری چوونی قۆناخی 16ی چامپیۆنزلیگ لەبەرامبەر پۆرتۆی پورتوگالی سزادراو تەنانەت لە ڕووی داراییشەوە سزادرا، بەڵام چیدی ئەو بە بەرگریکارە خۆشەویستەکەی ئالێگری نەماوەو چیدی لە کۆنگۆە ڕۆژنامەڤانییەکانیدا پەسنی نادات، وەک ئەوەی پێشتر هەموو جارێ دەیکرد.

هەرچی مارکیزیۆیە، بارودۆخی لە دیبالاو پانۆچی خراپترە، بەهۆی ئەوەی کە ڕەخنەی لە ئالێگری گرتووە، ئەو یاریزانە لە کاپتنی دووەمی یانەکە لەدوای جیانلویجی بۆفۆنی کاپتنی یەکەمەوە بووەتە یاریزانێکی یەدەگ.

### یان ئێمە یان ئەو

ئەم جۆرە مامەڵەیەی ڕاهێنەر ئەو 3 ئەستێرەی یوڤانتۆسی هاندا بۆ ئەنجامدانی کودەتایەک، کە بەپێی سەرچاوەیەکی نزیک لەو یانەیە، ئەو 3 یاریزانە 2 بژاردەیان خستووەتە بەردەم ئانییلی سەرۆکی یانەکە و ئیدارەی پیرەژن. ئەوان ڕاشکاوانە پێیانگوتووە «یان ئێمە یان ئالێگری».

بەپێی ئەو سەرچاوەیە «سەرۆک و دەستەی کارگێڕی یانەکە لەبەردەم هەڵوێستێکی زۆر زەحمەتدان، چونکە ئەوان دەیانویست ئالێگری بۆ چەندین ساڵی دیکە بە ڕاهێنەری یانەکەیان بهێڵنەوە، بەڵام بە پێداگیری ئەو 3 ئەستێرەیە لەسەر دروشمی (یان ئێمە یان ئەو)، بڕیاردان زۆر زەحمەتە».

ئەو سەرچاوەیە هەروەها دەشڵێت «ئەم کێشەیە ئانییلی سەرۆکی زۆر بێتاقەت کردووە، بۆیە بڕیاریداوە کۆبوونەوەیەک بەئامادەبوونی هەموو ئەندامانی دەستەی کارگێڕی ئەنجام بدات، ئەگەر بەرپرسانی یانەکە نەتوانن ئەو دوو لایەنە ئاشت بکەنەوە، کە ئەوە ئەگەرێکی دوورە، لەوانەیە کێشەکان بە دوورخستنەوەی ئالێگری کۆتایی پێبێنن، چونکە زۆر زەحمەتە قوربانی بەو 3 ئەستێرەیە بدەن، بەتایبەتیش دیبالا کە ئێستا سەرەنجی هەموو جیهانی ڕاکێشاوەو گەورە یانەکانی ئەورووپا خوازیاری بەدەستهێنانی تواناکانی ئەون».

> «کودەتاچییەکان 2 بژاردەیان خستووەتە بەردەم سەرۆکی یوڤانتۆس»



## لە کاتی یاری گوێ لە یاریدەدەرەکانی ناگرێت..

# مۆرینیۆ حەزی لە پیاوی ماستاوچی نییە

**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

خۆزێ مۆرینیۆ، ڕاهێنەری پورتوگالی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی ئەو هۆکارانەی ڕوونکردەوە، کە وایلێدەکات لە کاتی یارییەکاندا لەگەڵ یاریدەدەرەکانی قسە نەکات.

مۆرینیۆ ئاشکرای کرد، لە کاتی ڕاهێنانەکاندا گفتوگۆی درێژ لەگەڵ یاریدەدەرەکانی دەکات، بەردەوام داوایان لێدەکات بۆچوونی خۆیان لەسەر شێوازی کارکردنی دەربڕن، بەڵام لە کاتی یارییەکاندا داوایان لێدەکات وازی لێبێنن، چاو بخاتە سەر یاریکردنی تیپەکەی، ئەو شێوازەش لە ڕاهێنەری هۆڵەندی لویس ڤان گال لە بارسێلۆنا فێر بووە.

مۆرینیۆ، ڕاشکاوانە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە حەزی لەو پیاوانە نییە کە موجامەلەی دەکەن و هەمیشە پێیدەڵێن بەڵێ، بە کوردییەکەی «حەزی لە پیاوی ماستاوچی نییە». سپێشەڵ وەن لەو بارەوە دەڵێت «پیاوی بەڵێم ناوێ، دەمەوێ پیاوەکانی تەکم خاوەن بۆچوونی خۆیان بن. تەنانەت ئەوانەی لەبارەی بژاردەکانیشم گفتوگۆ دەکەن. بەڵام لە کاتی یارییەکاندا، داوا لە یاریدەدەرکانم دەکەم ڕێگەم پێبدەن بەتەنیا بیر بکەمەوە، پێیان دەڵێم کەسم ناوێ لەتەکم بێت هەندی شتم پێ بڵێت». ڕاهێنەری پورتوگالی شەیتانە سوورەکان هەروەها گوتیشی «لە کاتی یارییەکاندا هەوڵ دەدەم ئەزموونم لەگەڵ هەست و پەرۆشیم تێکەڵاو بکەم، دەمەوێ خۆم تیپەکە بەڕێوە ببەم، بەڵام لە ماوەی هەفتەیەکدا دەمەوێ ببنە ڕاهێنەر، داوایان لێدەکەم لە بارەی بژاردەکانم پرسیارم لێبکەن و ڕەخنەشم لێبگرن. ئەوەش ئەوکاتە فێری بووم، کە لە تەک لویس ڤان گال بووم لە بارسێلۆنا».



## «ئەوە یۆڤییە.. هەرگیز خۆی بەدەستەوە نادات»..

# «ڕیمۆنتادای بارسا یۆڤی ناترسێنێت»

**ڕووداوی وەرزشی ـ یوڤانتۆس مانیا**

دینورۆف، گۆڵپارێزی ئەفسانەیی یانەی یوڤانتۆس و هەڵبژاردەی ئیتاڵیا، پێیوایە ڕیمۆنتادای بارسێلۆنا لەبەرامبەر پاریس سانجێرمانی فەرەنسی لە قۆناخی 16ی چامپیۆنزلیگ، یانەی یوڤانتۆس ناترسێنێت و دەڵێت «بەدڵنیاییەوە یوڤانتۆس لەسەر حسابی بارسێلۆنا دەگاتە قۆناخی پێش کۆتایی چامپیۆنزلیگ».

دینورۆف، لە گەڕانەوە مێژووییەکەی بارسێلۆنای بەرامبەر پاریس سانجێرمان کەمکردەوە، کاتێک بارسێلۆنا توانی خۆی بگەیێنێتەوە چارەکی کۆتایی چامپیۆنسلیگ، هەرچەندە لە یاری چوون بە ئەنجامی 0 ـ 4 گۆڵ دۆڕا بوو، بەڵام لە یاری گەڕانەوەدا لەسەر یاریگەی کامپ نو بە ئەنجامی 6 ـ 1 گۆڵ لە پاریس سانجێرمانی بردەوەو خۆی گەیاندە ئەو قۆناخە.

زۆف، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی، گوتی «ڕیمۆنتادای بارسێلۆنا؟ پێی کاریگەر نەبووم، هەرچەندە ڕاگەیاندنەکان زۆریان بە شان و باڵی هەڵگوت. گەڕانەوە بەو شێوەیە شتێکی باو نییە. بەدڵنیاییەوە پاریس سانجێرمان بە شلەژاوی و هەڵچوویی دەرکەوت».

کاپتنی هەڵبژاردەی ئیتاڵیای پاڵەوانی مۆندیالی 1982، گوتیشی «ئاستی پاریس سانجێرمانم لە کامپ نو بەدڵ نەبوو». زۆف باسی یاری یوڤانتۆس و بارسێلۆنای کرد و گوتی «یارییەکی گەورە دەبێت. بە یاریزانانی بارسێلۆنا دەڵێم زۆر ئاگایان لە خۆیان بێت.. ئەوە یۆڤییە، هەرگیز خۆی بەدەستەوە نادات.. ڕاستییەکەی متمانەی زۆر زۆرم بە سەرکەوتنی یوڤانتۆس هەیە».

ئەمشەو یوڤانتۆس میوانداری بارسێلۆنا دەکات لە یاری چوونی قۆناخی 8ی چامپیۆنزلیگ، یاری گەڕانەوەش لەسەر یاریگەی کامپ نو دەبێت، لە ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوودا.



## سانچێز و لۆکاکۆی پێباشترە..

# کۆنتی نەیماری ناوێ

**ڕووداوی وەرزشی ـ THE TIMES**

ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی ئاشکرای دەکات، ئەنتۆنیۆ کۆنتی ڕاهێنەری یانەی چێڵسی ئینگلیزی ڕێگە بە ئیدارەی یانەکەی نادات گرێبەست لەگەڵ نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی بکات و دەڵێت «کۆنتی لەجیاتی نەمیار دوو یاریزانی دیکەی دەوێت».

ڕۆژنامەی زە تایمزی بەریتانی کاردانەوەی ڕاهێنەری ئیتاڵی، ئەنتۆنیۆ کۆنتی ئاشکرا کرد، سەبارەت بە هەوڵەکانی یانەکە بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ هێرشبەری بەرازیلی نەیمار دا سیلڤا لە یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی لە وەرزی داهاتوودا لەو بارەوە نووسیویەتی «کۆنتی بە بیرۆکەی گرێبەستکردن لەگەڵ نەیمار لە هاوینی داهاتوو ڕازی نییە، هەرچەندە ڕۆمان ئەبرامۆڤیچی خاوەنی یانەی چێڵسی ئامادەیە بڕی 200 ملیۆن پاوەند بۆ هێنانی نەیماری تەمەن 25 ساڵان خەرج بکات».

بەپێی هەواڵی ئەو ڕۆژنامە بەریتانییە، کۆنتی بیر لە هێنانی هەردوو یاریزان ئەلیکسیس سانچێزی ئەستێرەی چیلی لە ئارسیناڵ و ڕۆمیلۆ لۆکاکۆی هێرشبەری بەلجیکی لە ئێڤرتۆن دەکاتەوە، بەو پارەیەی بەنیازن بە نەیماری بدەن.

گرێبەستەکەی سانچێز لەگەڵ ئارسیناڵ لە وەرزی داهاتوو کۆتایی دێت، کە تاوەکو ئێستا 18 گۆڵی لە 28 یاری پریمەرلیگ تۆمارکردووە، هەرچی لۆکاکۆیە گرێبەستەکەی لە 2019 کۆتایی دێت، کە لەم وەرزەدا تاوەکو ئێستا 21 گۆڵی تۆمارکردووە.

## هەڕەشە دەکات



ڕۆژنامەی THE SUNی ئینگلیزی لە ماڵپەڕی داریۆ گۆڵی ئیسپانی گواستووەتەوە، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی هێرشبەری ریال مەدریدی ئیسپانی، هەڕەشەی ڕۆیشتن لە کارگێڕی یانەی شاهانە دەکات لە کۆتایی ئەم وەرزەدا ئەگەر گرێبەست لەگەڵ ئیدین هازاردی هێرشبەری چێڵسی، یان ئەنتۆنیۆ گریزمان هێرشبەری ئەتلەتیکۆ مەدرید بکەن «ڕۆناڵدۆ نایەوێ کەس تیشکەکانی لە یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ لێ زەوت بکات، دەیەوێ هەر خۆی بە ئەستێرەی یەکەمی ریال مەدرید بمێنێتەوە و کەس بەرەکەی لەبەر خاتری هازارد یان گریزمان، لە ژێر پێی ڕانەکێشێت».

داستانی چامپیۆنزلیگ دەستپێدەکاتەوە..

# «ریال مەدرید بە قاچاخ دەپەڕێتەوە»

شرۆڤە: سەفین تەما

ئیدی کاتی قۆناخە هەستیارەکەیە، ئەوەی باشترین پێشکەش نەکات، خراپترین چاوەڕێی دەکات، قۆناخێک کە ریسی زۆرێک دەکاتەوە بە خوری و هەندێکیش بە قاچاخ دەپەڕنەوە بۆ قۆناخی داهاتوو (دوایی مەسەلەی ئەم قاچاخە روون دەبێتەوە).

یارییەکانی سێشەممە 2017/4/11

یوڤێنتوس | بارسیلۆنا:

### جەنگی ئاو و ئاگر

چۆن یوڤێ دەتوانێت بارسا ببڕێت؟ بەدڵنیاییەوە یارییەکی قورسە بۆ تیپە ئیتاڵییەکە، بەهەمان شێوەش بۆ نوێنەرە زلهێزەکەی ئیسپانیا، بەڵام قسەکەی دیبالا ڕاستە کە دەڵێت «بارسای ئەمساڵ لەوەی 2015 باشتر نییە». لەگەڵ ئەوەشدا پاولۆ دەبێت ئەوەش بزانێ کە یوڤێی ئەمساڵ لەگەڵ ئەوەی 2015 لە کۆی 11 یاریزانی سەرەکی 7 یاریزانیان گۆڕاوە.

ناڵاندنی بارسا لە لیگادا هیچ پێوەر نییە بۆ ئەوەی بڵێن یارییەکە ئاسانە، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە کە هەموو ڕووانینێک و خواستێکی کەتەلۆنییەکان ئێستا لەسەر چامپیۆنزلیگە و بارسا تینوی ئەمە.

کۆنترۆڵکردن و دروستکردنی هەل لە سیفەتەکانی یوڤێنتوس نین، لە یاری بەرامبەر ناپۆلیدا ئەم دوو خاڵە زۆر بە زەقی ڕەنگی دایەوە کە یوڤێ ئیفلیج بوو لەو دوو خاڵەدا، ئەی چی دەکەن بەرامبەر بارسیلۆنا؟

ئەمە هەموو شتێک نییە، یوڤێ لەسەر بنەڕەتی تیپێک دروستبووە کە گۆڵکردن و یاریکردنی لەسەر شێواز جۆراوجۆر دروستبووە، واتە بە هەموو جۆر و ڕەنگێک دەتوانن گۆڵ بکەن نەک وەک ئەوەی بارسا کە تەنیا کۆنترۆڵ و دروستکردنی هەل.

کەس ئەم قسەیەی ئەلێگری لەبیرە کە بەر لە فینالی 2015 کردی «ئەوەی نمایشی جوانی دەوێت با بچێت بۆ سەیرکردنی سێرک»، ڕازیت لەسەر ئەم قسەیە یان نا ئەمە شتێکی دیکەیەو دەکرێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام دواتر.

چەکی گەورەی یوڤێ بەرگرییە پۆڵایینەکەیەتی، هەوڵدان بۆ کەلەپچەکردنی مێسی و نەیمار ئینجا بڕینی ئاو کارەبا لەسەر سواریز، بە نووسین بۆ من ئاسانە، بەڵام دەبێ حاڵی 3 وەزیرە بەرگرییەکەی لافیکا سینیۆرا چۆن بێت؟.

کەس ئێستا دانی خێر بەبەرگرییەکەی بارسادا دەنێت؟ دەزانن حاڵی ئەوان چۆنە لەگەڵ هێرشی پێچەوانەدا؟ ئەی ئەگەر ئەوانەی سەرکردایەتی هێرشەکە دەکەن لە هیگواین و دیبالا پێکهاتبن و کوادرادۆ بنیادی ئەو هێرشەی دروستکردبێت؟ بارسا گەورەترین کێشەی لەگەڵ هێرشی پێچەوانەدا هەیە، ئەمە ڕاستییەی و نکوڵی لەسەر نییە، بەڕای خۆشم کە پێچەوانەی زۆرینەیە، یاری نێو تورینۆ زۆر گرنگترە لەوەی نێو کامپ نو بۆ یوڤێ.

### ئامار و ڕاستییەکان

- دوایین ڕووبەڕووبوونەوەیان لە ساڵی 2015 بوو، ئەوکاتەی بارسا لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگدا 3 ـ 1 یارییەکەی بردەوە، بەڵام کەتەلۆنییەکان بەدوای یەکەم شکستدا دەگەڕێن کە تووشی یوڤێی بکەن لەنێو خاکی خۆیاندا، پێشتر 4 جار سەردانی تورینۆیان کردووە، 2 جار دۆڕاون و 2 جاریش یەکسان بوون.
- یوڤێنتوس لە دوایین 5 پاڵەوانێتیدا 3 جار گەیشتووەتە چارەکی کۆتایی، لەو ماوەیەشدا هیچ یانەیەکی ئیتاڵی نەگەیشتووەتە ئەم قۆناخە (جگە لە یوڤێ).
- یوڤێنتوس لەگەڵ ریال مەدرید تاکە یانەن کە تاوەکو ئێستا لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا نەدۆڕاون.
- یوڤێ لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لە 4 یاری ڕابردوودا بردنەوەی بەدەستهێناوە، لە ڕووی بەرگریکردنیشەوە لە 351 خولەکی ڕابردوودا گۆڵی لێنەکراوە، واتە لە مانگی 11ی ساڵی ڕابردووەوە، ئەوکات پاریخای یاریزانی سێڤیا گۆڵێکی لێکردن، لەگەڵ ئەوەشدا یوڤێ تاکە یانەیە لە خولی یانە پاڵەوانەکاندا تەنیا 2 گۆڵی لێکراوە.
- بارسا لە دوایین 10 چامپیۆنزلیگدا گەیشتووەتە ئەم قۆناخە کە زۆرترینە لە مێژووی خۆیدا.
- بارسیلۆنا لەم وەرزەی چامپیۆنزلیگدا 4 لێدانی سزای بۆ هەژمارکراوە، یوڤێنتوس 3 لێدانی بۆ هەژمارکراوە.
- یوڤێنتوس لە دوایین 17 یاریدا لەسەر یاریگەی خۆیدا نەدۆڕاوە، 10 بردنەوەو 7 یەکسان بوون، دوایین دۆڕانی لە 2013 بوو بەرامبەر بایرن میونشن 2 ـ 0.
- بارسیلۆنا لە دوایین 13 یاریدا 10 یاری بردووەتەوە لە قۆناخی هاتن و چوونی خولی یانە پاڵەوانەکان، 3 دۆڕانیشی هەبووە.
- دوایین 8 گۆڵی یوڤێنتوس لە ڕێگای 8 یاریزانی جیاوازەوە تۆمارکراون.
- بارسا 29 گۆڵی لەم وەرزەی چامپیۆنزلیگدا تۆمارکردووە کە زۆرترینە، 9 گۆڵیان بە تۆپی جێگیر بووە.
- ژمارەی گۆڵەکانی هیگواین لە قۆناخی چوون و هاتندا، تەنیا 2 گۆڵ لە 22 یاریدا، کەچی لە قۆناخی کۆمەڵەکاندا، 13 گۆڵ لە 38 یاریدا.
- لیۆنێل مێسی لەم وەرزەی چامپیۆنزلیگدا 11 گۆڵی تۆمارکردووە، باشترین ژمارەی مێژووی لیۆ لە وەرزی 2011 ـ 2012 بوو کە 14 گۆڵی کرد.
- ئەی چی سەبارەت بە نەیمار؟! لە چامپیۆنزدا زۆرترین ئاسیستی لەم وەرزەدا کردووە 8 دانە، 33 یاریزانیشی بە جیاجیا بڕیوە.

ئەم یارییە لە یاریگەی یوڤێنتوس ئارێنا دەکرێت، سیمۆن مارسینیاکی پۆڵەندی ناوبژیوانی یارییەکەیە، ئەو نابژیوانەی کە بارسا 4 ـ 0 بە پاریس دۆڕا.

دۆرتموند | مۆناکۆ

### بەریەککەوتنی فینۆمینۆکەی فەرەنسا و زەردەواڵە میزاجییەکە

ئەوەی ئەمساڵ مۆناکۆ کردوویەتی و لەسەری بەردەوامە، دیاریدەیەکی ناسروشتییەو تەنیا فەلسەفەکانی جاردیمی ڕاهێنەر لێی تێدەگەن، یەکەمی فەرەنساو سڕینەوەی بیرەوەرییەکانی گواردیۆلا، لەگەڵ باڵادەستییەکی نەفەس درێژ بەسەر لیگوەندا، ئەمە هەموو لەلایەک و لەبەرامبەردا تۆماس تۆخێلی ڕاهێنەر هاتووەتە سەر هەمان مەزهەبی سیمیۆنی، ئێنریکی و ڕانییێری بەوەی کە خولی نێوخۆیی وەلاناوەو تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە کە لە چامپیۆنزدا شتێک بە شتێک بکات.

- ئەمە یاری یەکەمی فەرمی نێوانیایە
- دۆرتموند بەرامبەر فەرەنسییەکان، 1 دۆڕان، 5 بردنەوە و 3 بەرامبەربوون
- مۆناکۆ زۆرترین گۆڵی لێکراوە لە نێو 8 تیپی ئەم قۆناخە کە 13 گۆڵە، 8 گۆڵیان لە دوو یاری ڕابردوودا بوو.

یارییەکانی چوارشەممە 2017/4/11

بایرن میونشن | ریال مەدرید

### هاوڕێیانی دوێنێ و دوژمنانی ئەمڕۆ



لەگەڵ یەکێک لە ڕۆژنامەنووسەکانی مەدرید کە ناوی بێن هایوارده قسەم کردو باسی ئەم یارییەمان کرد، ئەو دەیگوت ریال مەدرید بە قاچاخ دەپەڕێتەوە بۆ قۆناخی داهاتوو، مەبەستی ئەو لەوەبوو کە ریال توانای ئەوەی نییە لە بایرن بباتەوە، بەڵام دڵنیام لە یاریگەی بایرن بە ئەنجامێکی باش بەرامبەر دەبێت و لە یاریگەی خۆشی بە 0 ـ 0 یان 1 ـ 1 یەکسان دەبێت و دەگاتە قۆناخی داهاتوو.

ئەوەی زیدان لێیدەترسا ڕوویدا، هاندەرانی ریال مەدرید تاوەکو مانگی نیسان کۆتاییدێت دەستیان لەسەر دڵیانە، ئاخر خشتەی یارییەکان بەشێوەیەکە کە تەنیا ئاسن بەرگەی دەگرێت، جارێ لە یەکەم هەنگاودا کە دێربی مەدرید بوو تا ڕادەیەک شکستی هێنابوو ئەگەر دۆڕانی بارسا نەبووایە، جگە لەوەش یاری پێکردنی یاریزانان بە نۆرە لەلایەن زیدانەوە کارێکی باش و سەرکەوتووبوو، بەڵام ئەمەش زیزۆی نەپاراست و ئێستا دوو دڵی بەرگری لەدەستداوەو بەجارێک بەرگری ریال مەدرید خستووەتە ژێر پرسیارەوە (پێکانی پێپێ و ڤاران بۆ مانگێک)، بزربوونی ڕۆناڵدۆ و بەیڵ لە یارییە گەورەکاندا هاندەرانی تووشی ڕاڕایی کردووە، خراپی ئاستی کاسیمێرۆ لەم چەند یارییەی ڕابردوواو نائامادەیی تۆنی کرۆس لە هەموو ناوچەکانی ناوەڕاستدا و بەفیرۆدانی هەلی بە کۆمەڵ لەلایەن بێنزیماوە، هەموو ئەمانە کێشەن و دەبێت هەرچی زووە زیدان پەڕۆیەک لەسەر ئەم برینانە دابنێت، تاکە یاریزانیش کە ئاستی وەک خۆیەتی لوکا مۆدریچە.

لەبەرامبەردا بایرن میونشنی پڕچەک، پڕ ئەستێرەو تینووی نازناو، هەرچەندە ئەویش ڕەنگە کۆمەڵێک یاریزانی بۆ یارییەکە ئامادەنەبن کە لە هەمووان گرنگتر مانوێل نۆیەر، ماتس هۆمێڵس و تۆماس مولەرن.

میونشن لە بۆندێسلیگادا وەک هەمیشە دەستی خستووەتە ژێرسەری و گاڵتە بە یانەکانی دیکە دەکات، کەچی لە ئەورووپا گرێکوێرەی بەرامبەر دوو جەمسەرەکەی ئیسپانیا هەیە، ئەمجارە کاپتنی کەشتییەکەی باڤاریا کەسێکە کە خاوەنی لا دێسیمایە (نازناوی دەیەمی مەدرید) کارلۆ وەک خۆی دەڵێت ئەوەندەی بیر لە یارییەکە کردووەتەوە خەو نەچووەتە چاوەکانی، بێگومان لەبەرامبەر کارلۆدا کەسێک هەیە کە لە ئانچێلۆتییەوە فێری ئەلفوبێی ڕاهێنەرایەتی بوو، زیدانێک کە ڕێبازەکەی کارلۆ لای نەداو کردییە «ئوندێسیما» واتە نازناوی یازدەیەم، زیزۆ هەندێک بە ڕاهێنەرێکی بەبەخت ناوی دەبەن، بەڵام چ بەختێک کە لە کاتێکدا نیوەی تیپەکەی لە کلینکدا بوون، ئەم سەنگەری پێشەوەی لالیگای بەرنەدا.

ئەمە یاری ژمارە 23ی مێژووی هەردوو یانەیە لە پاڵەوانیەتییە ئەورووپییەکاندا کە 17یان لە چامپیۆنزدایە و زۆرترین دوو یانەن کە ڕووبەڕووی یەکدی بوونەتەوە.

ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەر هەیە کە دڵی هاندەرانی ریال مەدرید لەلایەک خۆش دەکات و لەلایەکی دیکەش دەترسێنێت، ئەویش ئەوەیە:

- بایرن میونشن لە دوایین 16 یاریدا لە یاریگەی خۆی لە چامپیۆنزلیگ نەدۆڕاوە، 58 گۆڵی کردووەو تەنیا 9 گۆڵی لێکراوە، ئەمەیان ترسێنەرە.
- ئەوەشی کە دڵی مەدریدییەکان خۆش دەکات ئەوەیە، دوایین دۆڕانی بایرن لە یاریگەی خۆی لە چامپیۆنزلیگدا لەسەر دەستی ریال مەدرید بوو 4 ـ 0 لە ساڵی 2014.
- بیرتان نەچێت ئەم یارییە لە ئالیانز ئارێنایە و نیکۆلا ریزۆلی ئیتاڵی ناوبژیوانێتی دەکات.

ئاتلێتیکۆ مەدرید | لێستەر ستی

### جەنگاوەرانی پایتەخت و داستانەکانی شکسپیر

لێستەرەکەی دەستی کرایگ شکسپیر هەمووانی تاساند، ئاخر بردنەوەی 5 یاری لەسەریەک کە یەکەم کاری ڕاهێنەرایەتی ئەو بیرمەندە بوو شتێکی نۆرماڵ نییە، هەمان لێستەری بیرهێناینەوە کە پریمەرلیگی لە دەستی گەورەکان ڕفاند.

ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە گرنگییەکەی بۆ لێستەر لەوەدایە کە یاری یەکەم لە دەرەوەی یاریگەی خۆیەتی، ئەوان لە دەرەوەی یاریگەی خۆی خۆیان بە سێڤیلیا دۆڕان، دواتر لە کینگ پاوەر و بە پاوەری هاندەران سامپاولیان بێئومێد کرد، ئێستاش یارییان بەرامبەر بە تیمە بۆرجوازییەکەی پایتەختی ئیسپانیا هەیە.

ئاتلێتیکۆ لەم وەرزەدا هەرزوو ئاڵای بەرزکردەوە کە لالیگای ناوێت، ئەمە خوێندنەوەی خۆم بوو لە سەرەتای وەرزەوە، ڕەنگە قسەکەم تا ئەم کاتە ڕاست بێت کە سیمیۆنی زۆر دوورە لە ڕکابەرەکانییەوە، ئەمە دوا ساڵی ئەو ڕاهێنەرە جەنگاوەرەیەو دەیەوێت وەک چۆن لە لالیگادا مەحاڵی کردە ڕاستی و بەدەستیهێنا، بۆ نا ئەگەر بێت هەروەک چۆن لە 3 ساڵی ڕابردوودا 2 جار فاینالی بینی، ئەمجارە جامەکە بە دوو گوێیەکانی بەرزبکاتەوە.

بەڵام بۆچوونێکی دیکەش هەیە کە دەڵێت «ئاستی ئاتلێتیکۆ مەدرید لەچاو ساڵانی ڕابردوودا زۆر دابەزیوە، بەکوردییەکەی ئەو ئاتلێتیکۆیە نەما کە هەمووان بە توندوتیژ و بەهێز ناویان دەبرد، هەرچەندە بەهێزی بایرنیش لە ڤیسێنتی کالدیرۆندا نوقمی دەریای سوور و سپی بوو».



«هەر کەسێ نمایشی دەوێت با بچێت سەیری سێرک بکات»


# لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووک لە کورەک




KOREK Telecom

ئێستا لە (کورەک)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووک بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵێتەوە.
پاکێجێک هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (ڕۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| ڕۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووک و فەیسبووک ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە

411
korektel.com

# لالیگا بەرامبەر هەموو ئەوروپا



**چێنەر عەبدولقادر**

چامپیۆنزلیگ لەم قۆناخەدا لە زۆر ڕووەوە یەکلاییکەرەوە دەبێت، یەکەمی ئیتاڵیاو ئەڵمانیاو ئینگلتەرا ڕووبەڕووی یەکەم و دووەم و سێیەمی لالیگا دەبنەوە، جگە لەوەش دەکرێت بەهۆی ئەم قۆناخەوە تۆپی ئاڵتونی لە مێسی و ڕۆناڵدۆ بسەندرێت! چۆن؟

لە چارەکی کۆتایی چامپیۆنزلیگدا خولی ئیسپانی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە، هەرسێ یانە بەهێزەکەی لالیگا ڕووبەڕووی هەرسێ پاڵەوانی سێ خولە بەهێزەکەی ئەوروپا بوونەتەوە. بارسیلۆنا ڕووبەڕووی بەهێزترین یانەی ئێستاو 5 ساڵی رابردووی ئیتاڵیا بووەتەوە کە یوڤانتۆسە، ریال مەدرید ڕووبەڕووی بەهێزترین و بێ ڕکابەرترین یانەی ئەڵمانیا بووەتەوە کە بایرن میونشنە، ئەتلەتیکۆ مەدریدیش ڕووبەڕووی لیستەر سیتی بووەتەوە کە ئێستا بەهێزترین یانەی ئینگلتەرا نییە، بەڵام پاڵەوانی وەرزی رابردووە، بێگومان ئەم لیستەر سیتیە بوو کە کەس بۆی ڕانەدەگیرا لە پریمەرلیگ و ئەم وەرزەش لە چامپیۆنزلیگ بەباشی هاتووە.

بە کورتی و کوردی لالیگا هەرخۆی بەرامبەر هەموو ئەوروپا وەستاوەتەوە! بیرتان نەچێت پاڵەوانی خولی فەرەنساش هەر تیپێکی لالیگا بە ریمۆنتادا دەریکرد!! ڕاستە لەماوەی چەندین ساڵدا خولی ئیسپانیا تەواو کۆنترۆڵی ئەوروپای کردبوو، بەڵام ئەم تاقیکردنەوەیە یەکجار قورسە! با ئێمە دوو سیناریۆی چاوەڕوانکرا باسبکەین.

## سەرکەوتنی لالیگا؟

ئەگەر یانەکانی ئیسپانیا توانیان لەم تاقیکردنەوەی قۆناخی چارەکی کۆتایی سەرکەوتن بەدەستبێنن و بگەنە چوارگۆشەی زێڕین، ئیدی هیچ بەراوردێک نامێنێت لەنێوان لالیگا و خولەکانی دیکە! ئەوکات دەتوانین دووپاتی بکەینەوە کە خولی ئیسپانیا بە دەیان ساڵ لەپێش خولەکانی دیکەوەیە، ئەگەر یانەیەکی ئیسپانی لەم وەرزەشدا چامپیۆنزلیگی بردەوە ئیدی پێویستە هاندەرانی خولەکانی دیکە بە ڕێزەوە بڵێن «کاک لالیگا»! ئیدی کەسێک نەڵێت بۆ لەدیاریکردنی باشترینەکاندا تەنیا خولی ئیسپانیا دەبینرێت، کەسێک هەق نییە بپرسێت بۆ هەر مێسی و ڕۆناڵدۆ تۆپی ئاڵتونی دەبەنەوە!

## سەرنەکەوتنی لالیگا!

لەوانەیە بڵێین بە زمانێکی زۆر توند بەرگریم لە لالیگا کردووە؟! ئەوە بەرگری نییەو ڕاستیە، یانەکانی خولەکانی دیکە لەناوخۆیاندا باشترین ئاست پێشکەش دەکەن، بەڵام کە دێنە ئەوروپا دەکوژێنەوە، سەیری تۆتێنهام و ڕۆما بکەن!

با بڵێین لە سیناریۆی دووەمدا یانەکانی ئیسپانیا بەرامبەر ئەوروپا شکستیان هێنا، بەتایبەتی ریال و بارسا، دەزانن ئەوە ئەنجامێکی گەورە دەبێت؟! مانای وایە قۆناخی پێش کۆتایی چامپۆنزلیگ بەبێ ریال و بەرسا دەبێت؟ لە ساڵی 2007ەوە ئەمە ڕووینەداوە، واتە دوای 10 ساڵ قۆناخی پێش کۆتایی بەبێ ئەم دووانە دەبێت! مانای وایە خولەکانی دیکەی ئەوروپا توانیان ڕێگرەیەک لە بەرەوپێشچونی لالیگا بگرن.

خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە ماڵئاواییکردنی ریال و بارسا لە چارەکی کۆتایی چامپیۆنزلیگدا مانای وایە ڕۆناڵدۆ و مێسی لە تۆپی ئاڵتونی دووردەکەونەوە، لەوانەیە براوەی نوێ ببینین، لە 2007 دا کاکا تۆپی ئاڵتونی بردەوە، ئیدی دوای ئەوە مێسی و ڕۆناڵدۆ کۆنترۆڵی ئەو خەڵاتەیانکرد، بۆیە دەکرێت بڵێین لە کاتی شکستی یانەکانیان مێسی و ڕۆناڵدۆ بای بای لە تۆپی ئاڵتونی و خەڵاتی باشترین یاریزان دەکەن!

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 29)

| یاری | کات |
| --- | --- |
| **شەممە 2017/4/15** | |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - فرانکفۆرت | 04:30 |
| ماینز - هێرتا بەرلین | 04:30 |
| ئۆگسبۆرگ - کۆڵن | 04:30 |
| لایپزیگ - فرایبۆرگ | 04:30 |
| هۆفنهایم - مونشنگلادباخ | 04:30 |
| ڤۆلفسبۆرگ - ئینگۆلشتات | 04:30 |
| بایرلیڤەرکۆزن - بایرن میونشن | 07:30 |
| **یەکشەممە 2017/4/16** | |
| ڤێردەربریمەن - هامبۆرگ | 04:30 |
| دارمشتات - شاڵکە | 06:30 |

| یانە | خاڵ |
| --- | --- |
| 1 - بایرن میونشن | 68 |
| 2 - لایپزیگ | 58 |
| 3 - هۆفنهایم | 51 |
| 4 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 50 |
| 5 - هێرتا بەرلین | 43 |
| 6 - فرایبۆرگ | 41 |
| 7 - کۆڵن | 40 |
| 8 - مونشنگلادباخ | 39 |
| 9 - فرانکفۆرت | 38 |
| 10 - شاڵکە | 37 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
| --- | --- | --- |
| 1 - لیڤاندۆفسکی | بایرن میونشن | 26 |
| 2 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 25 |
| 3 - مۆدیست | کۆڵن | 23 |
| 4 - ڤێرنەر | لایپزیگ | 15 |
| 5 - گۆمێز | ڤۆلفسیۆرگ | 13 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 33)

| یاری | کات |
| --- | --- |
| **هەینی 2017/4/14** | |
| ئەنجی - پاریس سانجێرمان | 09:45 |
| **شەممە 2017/4/15** | |
| مۆناکۆ - دیجۆن | 06:00 |
| گانگۆن - تۆلۆز | 09:00 |
| مۆنپیلیە - لۆریان | 09:00 |
| نیس - نانس | 09:00 |
| رین - لیل | 09:00 |
| میتز - کان | 09:00 |
| **یەکشەممە 2017/4/16** | |
| نانت - بۆردۆ | 04:00 |
| باستیا - لیۆن | 06:00 |
| مارسیلیا - سانت ئیتیان | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
| --- | --- |
| 1 - مۆناکۆ | 74 |
| 2 - پاریس سانجێرمان | 71 |
| 3 - نیس | 70 |
| 4 - لیۆن | 54 |
| 5 - بۆردۆ | 49 |
| 6 - مارسیلیا | 48 |
| 7 - سانت ئیتیان | 45 |
| 8 - نانت | 42 |
| 9 - تۆلۆز | 41 |
| 10 - گانگۆن | 41 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
| --- | --- | --- |
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 29 |
| 2 - لاکازیتی | لیۆن | 24 |
| 3 - فالکاو | مۆناکۆ | 17 |
| 4 - گۆمێز | مارسیلیا | 16 |
| 5 - بالۆتێلی | نیس | 13 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 32)

| یاری | کات |
| --- | --- |
| **شەممە 2017/4/15** | |
| ئینتەرمیلان - میلان | 01:30 |
| کالیاری - ڤیرۆنا | 04:00 |
| فیۆرەنتینا - ئیمپۆلی | 04:00 |
| جینەوا - لازیۆ | 04:00 |
| تۆرینۆ - کرۆتۆنی | 04:00 |
| پالێرمۆ - بۆلۆنیا | 04:00 |
| پیسکارا - یوڤانتۆس | 04:00 |
| ڕۆما - ئەتەلانتا | 04:00 |
| ساسۆلۆ - سامپدۆریا | 07:00 |
| ناپۆلی - ئۆدینێزی | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
| --- | --- |
| 1 - یوڤانتۆس | 77 |
| 2 - ڕۆما | 71 |
| 3 - ناپۆلی | 67 |
| 4 - لازیۆ | 60 |
| 5 - ئەتەلانتا | 59 |
| 6 - میلان | 57 |
| 7 - ئینتەرمیلان | 55 |
| 8 - فیۆرەنتینا | 52 |
| 9 - سامپادۆریا | 45 |
| 10 - تۆرینۆ | 44 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
| --- | --- | --- |
| 1 - دزیکۆ | ڕۆما | 24 |
| 2 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 24 |
| 3 - هیگواین | یوڤانتۆس | 21 |
| 4 - مێرتێنس | ناپۆلی | 20 |
| 5 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 20 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 32)

| یاری | کات |
| --- | --- |
| **شەممە 2017/4/15** | |
| تۆتێنهام - بۆرنمۆس | 02:30 |
| کریستال پاڵاس - لیستەر ستی | 05:00 |
| ئیڤێرتۆن - بێرنلی | 05:00 |
| ستۆک ستی - هاڵ ستی | 05:00 |
| ساندێرلاند - وێستهام | 05:00 |
| واتفۆرد - سوانزی ستی | 05:00 |
| ساوسهامتۆن - مانچێستەر ستی | 07:30 |
| **یەکشەممە 2017/4/16** | |
| وێست برۆمیچ - لیڤەرپول | 03:30 |
| مانچێستەر یونایتد - چێلسی | 06:00 |
| **دووشەممە 2017/4/17** | |
| میدلزبرە - ئارسیناڵ | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
| --- | --- |
| 1 - چێلسی | 75 |
| 2 - تۆتێنهام | 68 |
| 3 - لیڤەرپوول | 63 |
| 4 - مانچێستەر ستی | 61 |
| 5 - مانچێستەر یونایتد | 57 |
| 6 - ئارسیناڵ | 54 |
| 7 - ئیڤێرتۆن | 54 |
| 8 - وێست برۆمیچ | 44 |
| 9 - ساوسهامتۆن | 40 |
| 10 - واتفۆرد | 37 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
| --- | --- | --- |
| 1 - لۆکاکۆ | ئیڤێرتۆن | 23 |
| 2 - کەین | تۆتێنهام | 19 |
| 3 - سانچێز | ئارسیناڵ | 18 |
| 4 - کۆستا | چێلسی | 17 |
| 5 - ئیبراهیمۆڤیچ | مانچێستەر یونایتد | 17 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (کریستال پاڵاس - ئارسیناڵ) دانراوە

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 23)

| یاری | کات |
| --- | --- |
| **هەینی 2017/4/14** | |
| ئەتلەتیک بلباو - لاس پالماس | 09:45 |
| **شەممە 2017/4/15** | |
| دیپۆرتیڤۆ - مەلەگە | 02:00 |
| خیخۆن - ریال مەدرید | 05:15 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - ئۆساسۆنا | 07:30 |
| بارسیلۆنا - ریال سۆسیداد | 09:45 |
| **یەکشەممە 2017/4/16** | |
| لیگانێس - ئیسپانیۆل | 01:00 |
| ڤالنسیا - سڤیلیا | 05:15 |
| ریال بیتیس - ئیبار | 07:30 |
| گرانادا - سێلتاڤیگۆ | 09:45 |
| **دووشەممە 2017/4/17** | |
| ئالاڤیس - ڤیاریال | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
| --- | --- |
| 1 - ریال مەدرید | 72 |
| 2 - بارسێلۆنا | 69 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 62 |
| 4 - سڤیلیا | 61 |
| 5 - ڤیاریال | 54 |
| 6 - ئیبار | 50 |
| 7 - ئەتلەتیک بلباو | 50 |
| 8 - ریال سۆسیداد | 49 |
| 9 - ئیسپانیۆل | 46 |
| 10 - سێلتاڤیگۆ | 41 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
| --- | --- | --- |
| 1 - مێسی | بارسێلۆنا | 27 |
| 2 - سوارێز | بارسێلۆنا | 23 |
| 3 - ڕۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 19 |
| 4 - ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 16 |
| 5 - گریزمان | ئەتلەتیکۆ | 15 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ریال سۆسیداد - خیخۆن) دانراوە

## چامپیۆنزلیگ (گەڕی 16)

| یاری | کات |
| --- | --- |
| **سێشەممە 2017/4/11** | |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - مۆناکۆ | 09:45 |
| یوڤانتۆس - بارسێلۆنا | 09:45 |
| **چوارشەممە 2017/4/12** | |
| بایرن میونشن - ریال مەدرید | 09:45 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - لیستەر ستی | 09:45 |


| یاریزان | یانە | گۆڵ |
| --- | --- | --- |
| 1 - لیۆنێل مێسی | بارسێلۆنا | 11 |
| 2 - ئەدینسۆن کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 8 |
| 3 - سێرجیۆ ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 8 |
| 4 - ڕۆبەرت لیڤاندۆفسکی | بایرن میونشن | 7 |
| 5 - پییێر ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 7 |

## یۆرۆپالیگ (گەڕی 8)

| یاری | کات |
| --- | --- |
| **پێنجشەممە 2017/4/13** | |
| ئەندرلەخت - مانچێستەر یونایتد | 10:05 |
| سێلتاڤیگۆ - جینک | 10:05 |
| ئەیاکس - شاڵکە | 10:05 |
| لیۆن - بێشکتاش | 10:05 |

| یاری | کات | پاڵەوانێتی | ڕۆژ |
| --- | --- | --- | --- |
| یوڤانتۆس - بارسێلۆنا | 09:45 | چامپیۆنزلیگ | سێشەممە 11/4/2017 |
| بایرن میونشن - ریال مەدرید | 09:45 | چامپیۆنزلیگ | چوارشەممە 12/4/2017 |
| ئەیاکس - شاڵکە | 10:05 | یۆرۆپالیگ | پێنجشەممە 13/4/2017 |
| لیۆن - بێشکتاش | 10:05 | یۆرۆپالیگ | پێنجشەممە 13/4/2017 |
| ئینتەرمیلان - میلان | 01:30 | خولی ئیتاڵیا | شەممە 15/4/2017 |
| بایرلیڤەرکۆزن - بایرن میونشن | 07:30 | خولی ئەڵمانیا | شەممە 15/4/2017 |
| بارسێلۆنا - ریال سۆسیداد | 09:45 | خولی ئیسپانیا | شەممە 15/4/2017 |
| مانچێستەر یونایتد - چێلسی | 06:00 | خولی ئینگلتەرا | یەکشەممە 16/4/2017 |

KOREK



## کاژێر چەندە؟

سەرەڕای ئەوەی هەردوو یانەی شاری مەدرید، لە یاری دێربی پایتەختدا یارییەکی بەهێزیان ئەنجامدا و چەندین دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێش لەلایەن یاریزانانی هەردوولاوە پێشکەشکران، بەڵام سەرنجڕاکێشترینیان ئەو دروشمە بوو کە هاندەرانی ریال مەدرید وەک گاڵتەپێکردنێک لەدژی کۆکی ئەستێرەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەیانگوتووە. کە بەدرێژایی یارییەکە کاتێک تۆپ دەگەیشتە لای کۆکی، هاندەرانی ریال مەدرید هاواریان دەکرد «کاژێر چەندە؟!»، وەک گاڵتەکردنێک بەو یاریزانە کە بەر لە دوو ڕۆژ چەند دزێک کاتژمێرەکەی دەستیان لێوەرگرتبوو، کە نرخی 70 هەزار یۆرۆ بوو.



ڕێبوار محەممەد

# هۆشداری بۆ زیدان و ئێنریکی

لەدەستدانی دوو خاڵەکەی ریال و ڕەتکردنەوەی دیارییەکەی ئاتلێتیکۆ لەلایەن بارساوە لەم هەفتەیەی لالیگادا، تەنیا بە زەنگێکی هۆشداری و ڕاچڵەکاندنی بەهێز دەبینمەوە کە بۆ ئەو دوو زلهێزەی ئیسپانیا لێدرا لە کاتێکدا خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوو زلهێزی وەک بایرن میونشن و یۆڤینتۆس لە چامپیۆنزلیگدا ئامادە دەکرد.

نامەوێ زۆر بگەڕێمەوە بۆ قوڵایی هۆکارەکانی یەکسانبوونی مێرنگی و دۆڕانی بلوگرانا، بەڵام دەمەوێ باسی هەر یانەیەک بیبەستمەوە بە یارییەکەی لە چامپیۆنزلیگ، ریال بەرامبەر بایرن و بارسا بەرامبەر یۆڤینتۆس. بۆ زانین هەردوو یاریش لە دەرەوەی ئیسپانیان.

### ریال مەدرید

هۆکاری سەرەکی یەکسانبوونەکەی ریال مەدرید کە تامی دۆڕانی دەدا، بەبڕوای من بۆ دەستپێوەگرتنی توانا و هێزی جەستەیی یاریزانانی ریال مەدرید لە بەرامبەر ئاتلێتیکۆ مەدرید دەگەڕێتەوە. ڕاستە ریال کۆنترۆڵی تۆپی زۆر زیاتر بوو، بەڵام ڕۆژنامەی ئاس دەڵێ یاریزانەکانی کۆی 10 کیلۆمەتر کەمتر لە یاریزانەکانی سیمیۆنی رایان کردووە کە کۆی ڕاکردنی ئەوان 113 کیلۆمەتر بوو.

بگەڕێینەوە بۆ یارییەکە، دوای گۆڵەکە ریال وەک کۆتاییهاتوو تەماشای یارییەکەی دەکردو پێیوابوو دەتوانێ لە تۆپێکی دیکەی جێگیرەوە گۆڵێکی دیکە بکات، بێگومان ئەمە بڕوای زیدانیش بوو، بەڵام ئەوە ڕووینەداو لەدوای گۆڵەکەوە خەمساردی و بێباکی بە یاریزانەکانی زیدانەوە بینرا تا گۆڵی یەکسانبوونیان لێکرا.

ئەگەر ئەمە لە لالیگادا کێشە بێت، بەرامبەر بایرن میونشن زۆر مەترسیدارە، چونکە ئەو یانەیە هەم بەهۆی ئەنچیلۆتییەوە ورد و درشتی ریال شارەزایە، هەم خاوەخاو بەرامبەر هێرشە چڕەکانی میونشن سەرئێشەی زۆر بۆ ریال دروستدەکات.

ئەگەر ئاتلێتیکۆ بە بەرگری و هێرشی پێچەوانە یاریکردبێت، بایرن ئەوە نازانێت، ئەو لە سێ شوێنی زۆر سەرەکییەوە سەرچاوەی مەترسی هەیە، لای ڕاست کە لام و ڕۆبن لێیەوە دەردەکەون، لای چەپ کە ئالابا و ریبێری لێیەوە دەردەکەون و ناوەڕاستیش کە مۆلەر+ لیڤاندۆڤسکی یان ڤیداڵ+لیڤاندۆڤسکی لێیەوە دێن، بێخەمییەکی کەم لەو یارییەدا زۆر شت لە دەستی ریال دەردەهێنێت. بەتەماشاکردنی یارییەکەی بایرن و دۆرتمۆند کە چارەکێک پاش یەکسانبوونەکەی ریال بەڕێوەچوو، ئەو ڕاستییە بەتەواوی دەردەکەوێت کە خێرایی بایرن سەرئێشەیەکی چەند گەورەیە.

### بارسیلۆنا

بارسا بە پلەی یەکەم بە هەڵەی ئێنریکی دۆڕا، ئەو هەڵانەش لە چامپیۆنزلیگدا قەرەبوو ناکرێنەوە. هەرچەندە من هاوڕای ئەوانە نیم کە لەدوای هەموو دۆڕان و یەکسانبوونێک داوای ڕۆیشتنی ئێنریکی دەکەن، بەڵام ئەو ڕاهێنەرە لە پێکهاتەو شێوازی یاریکردن و تەنانەت گۆڕانکارییەکانیشدا هەڵەی کردو نەیماریش بەشێکی بەرپرسیارییەکەی لە ئەستۆیە.

بەشێکی زۆری ئەو یاریزانانەی ئێنریکی هاوینی رابردوو کڕینی بە کەڵکی ئەوە نایەن بەرامبەر یۆڤی یاری بکەن، بێگومان ئۆمتیتی لێدەرچێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێنریکی لەوێش هەڵەیەکی زەقی وەک ئەوە نەکاتەوە کە ماسکیرانۆی لە باڵی ڕاستی بەرگریدا یاری پێدەکرد.

یۆڤینتۆس بەر لە بەرکەوتنی بارسا لە کیڤۆ ڤیرۆنای بردەوەو لەو یارییەدا ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، درەوشانەوەی گەورەی دیبالا بوو، گەرچی هیگواین 2 گۆڵی تۆمارکرد. دیبالا سەرچاوەی سەرئێشە دەبێت بۆ بارسا، چونکە ئەو لەگەڵ نزیکبوونەوە لە ناوچەی سزا مەیلی بەلای ڕاستدا هەیەو دانی ئەلڤێش کە بەرامبەر کیڤۆ یاری نەکرد لەگەڵ کوادرادۆدا لە بەرامبەر ئەلبا کە زۆری حەز لە چوونە پێشەوەیە کێشەن.

لەبیرمان نەچێت، لە یارییەکی کیڤۆدا بۆنۆچی، کیلینی، پیانیچ و ئەلڤێش لە پشوودا بوون. هێشتا خاڵی دیکەش زۆر ماوە بۆ باسکردن.

دیارا بەبێ نوێژکردن نەدەچووە ناو هیچ یارییەک..

# "بەرماڵی نوێژ لەسەر شانی بوو"



**رووداوی وەرزشی ـ DW**

فابیۆ کاپیلۆ، ڕاهێنەری ئیتاڵی بەناوبانگ، پەسنی یاریزانێکی کۆنی خۆی دەدات و باس لەوە دەکات کە ئەو نموونەی یاریزانی ڕەوشتبەرز و پابەند بوو بە ئایینی خۆی و دەشڵێت «هەمیشە بەرماڵی نوێژ لەسەر شانی بوو».

کاپیلۆ، لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانیدا بۆ یادەوەرییەکانی وەرزی 2006 ـ 2007 گەڕایەوە، کە ئەوکات ڕاهێنەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بوو و بەرەو بەدەستهێنانی نازناوی خولی ئیسپانیای برد لە دوایین گەڕدا، دوای ململانێیەکی توند لەگەڵ بارسێلۆنای ڕکابەریدا.

کاپیلۆ، ئاماژەی بۆ یاریزانێکی ئەوکاتی خۆی کرد و بە هۆکارێکی سەرەکی بردنەوەی نازناوی لالیگا دایناو لەو بارەوە گوتی «مامادۆ دیارای یاریزانی مالی ڕۆڵێکی بەرچاوی لەبەدەستهێنانی ئەو نازناوە هەبوو، بەهۆی ئەو ئاستە باشەی لە ناوەڕاستی یاریگەی شاهانەدا پێشکەشی دەکرد».

کاپیلۆ، لە کاتی قسەکردن لەسەر ئەو یاریزانە، باسی ڕەوشتبەرزی و پابەندیی ئایینی ئەو یاریزانە موسڵمانە لەو ماوەیەی لە ریال مەدرید بوو کردو گوتی «بەرماڵی نوێژ بەردەوام لەگەڵ دیارا بوو، چونکە هەموو نوێژەکانی لە کاتی خۆیدا دەکرد، بێ نوێژکردنیش نەدەچووە نێو هیچ یارییەکەوە».

پێشبڕکێ



**به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

هیوا ئەلیاس لە هەولێر

بە لێدوانی:

**(سێگۆشەی بەرمۆدایە، ئەوەی نزیک بێ فەوتایە)**

---

رووداو وەرزشی
ژمارە (444)
سێشەممە 2017/4/11

## پەنجاو شەشەمین پێشبڕکێی LOTTO 4

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان:

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..........................................

مۆبایل : ..........................................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
www.rudaw.net

(رووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net – 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵلا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەمووماں گەنجتر دەکاتەوە